# شکان و هەرەسی ستراتیژی سیاسی ڕۆژئاڤا

# ماکی مەکۆی بالۆرەی نای ناساز ژ گشت پرسیەکەو سەربەخۆیی کوردستانە

لافاوی مێژوو بە گوڕ و تاوە پیسی و پرو پووش ئەخاتە لاوە (هەژار)

لەوەتی پرسی گشت پرسی ئەڕای سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیندراوە ، شەماڵی ئازادی لە گشت کوردستان هەڵی کردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ گوڕ و تینی فرەتەرتەر ئەبێت و بەرە لافاو مێژوو دە ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری ئەچێتن . کورد و کوردستان یەکسەر بووەتە شایی و شادی و سەما و هەڵپەڕکێ و گۆرانی و سروودی " ئەرێ " و گەیشتوەتە ئاستێک کە نە دوژمن و نە دۆست ، نە یار و نە نەیار لە کێشی دایە نیە بەری پێ بگرێتن . بالۆرەی نای ناساز و نووزەی نەیاری ناوخۆیی کپ کراوە و سووک و چرووک و بی نرخ و بایەخ لە گەوزەی سەر سەلوێنکی قەل و داڵان کەوتووە .

بەغدای تاوان ، بەغدای دەستکرد و دەسنیای کۆنە ئیستعمار و ئیمپریالیزم ، سەرشێت ، سەرچڵانە کەف ئەچرێنێ و خۆی بە دار و بەردا ئەدات ، کورد گوتەنەی ، داکو بەشکەم بەر بە لافای بە خرۆش و هەڵکردووی ئازادی کوردستان بگرێ . ئەمە هەرچەند پەلەقاژەی سەرەمەرگی داگیرکەری کوردستانە و شتێکی دوور لە چاوەڕوانی نیە ، سەنگ و کاریگەرێکی ئەتۆی لە سەر مژارەکە نیە و نای بێت . لێ چڕبوونەوەی هەوڵ و هەڵپەی سیاسی و دیپلۆماتیکی وڵاتانی ڕۆژئاوایی نەخاسما ئی دە ئامریکا شیاوی ڕامان و لێ قوول بوونەوەیە . جێگەی پرسیارە ئەڕای تاک بە تاکی کورد کا ئەرێ ئەم بەزمەی ڕۆژئاوایی یەل چیە و لە چی دەگەڕێن . ئەرێ دوژمنایەتی کۆن و گورینی دوێنێ یە کە سەری هەڵ داوەتەوە ؟ ئەرێ هەمان پەیمان شکاندن و پووچ کردنەوەی سۆز و پەیمانی قوناخەکانی پێشوویانە دە هەمبەر کورد و کوردستان ؟ ئەرێ کوردستان چ یاسا و ڕێسای ناونەتەوەیی و ناوخۆیی بەزاندووە کە ئەم جەنابانە مشووری بخۆن ؟ فرەیەک لەم بابەتە پرسیارانە لە پێوەندی وەگەرد چرکردنەوەی دیپلۆماسی ڕووژئاوایی گەل بە مێشک دا دێت .

ڕاستی یەکەی ئەوەسە کە ستراتیژی سیاسی ڕۆژئاوا لە مەڕ عێراق بەتایبەتی و ناوچەکە بە گشتی تووشی شکان و هەرەس هێنان هاتگە . ئەو قەیرانە قوول و لەچارنەهاتوەی عارەبان بەر و بەرهەمی سیاسەتی کۆنی ئامریکا و ڕۆژئاوایی یەکانە کە لە لیبی و یەمەن و عێراق و سووریە داری بە سەر بەردی ئەو وڵاتانەوە نەهێشتووە و شیرازەی تێک داون و هیچ ئاسۆیێکی ڕوون ئەڕای چارسەرکردنی لە داهاتوویێکی نزیک دا بەدی ناکرێ .

ئامریکایی و ئاورووپایی یەل ناشی ئەوە نەزانن کە سیاسەت و رێکاری ستراتیژی ئەوان بوار ئەڕای مەلای عەجەم فرە با باشی ڕەخساند تاوەکو بە دەس تێوەردانی راستەوخۆ ئانکو ناڕاستەوخۆ گاڤ ب گاڤ قەیرانەکە بەمەبست قوول تر و بەرین تر بکەنەوە . مەلای عەجەم زۆر سەرکوتووانە شەڕی عارەب و عەجەمی بردوەتە ناوماڵ و بەردەرکی عارەبان . هەر ئەم هۆکارە واتە شێعەگەری سەفەویی عەجەمان بە گەرمە و کارا و کاریگەر لە پشت سەرهەڵدانی هۆڤانەتی داعش بوو .

قەیرانی کوور ئا جیهانی عارەبی رەسیەسە ئاستێک کو تێکڕای هیز و لایەنە ناوچەیی و جیهانی یەکان ، تورک و عەجەم و بەرەی عرووس و بەرەی ئامریکا تێوەی گلاون و هەر یەکە بەرەو ئاقارێکی ڕادەکێشێ .

باشووری کوردستان لەم ناوەدا لە ژێر باندۆر و کاریگەری ئەم یاری و گەمە ئالۆز و تێکچرژاوەی ناوچەکەدا بەرەو سەربەخۆیی تواو داژوێ . سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لە جەرگەی ئاگری شەڕی هەمەلایەنەی ئەو هەمکە هێزانە و لەمەش فرە گرینگ تەرتەر سەرکەوتنی شەڕی هێزی پێشمەرگە بە سەر هۆڤانەکانی داعش ، نرخ و سەنگێکی دەگمەن وەک دەسکەفت ژ بۆ کورد و دۆزی نەتەوەیی یەکەی لە ئاستی جیهانی دا دەستەبەر کرد . ڕۆژئاوای کوردستان و شۆڕشەکەی هۆکارێکی هەر یەکجار گرینگ بوو کو دکاری و لە کێشی دا بوو لە ئەگەری ئیک بوونی لەل باشوور ، دۆزی کوردی چەند قات بە هێزتر بکاتن لە ئاست و گۆڕەپانی سیاسی و سایسەتی جیهانی دا . لەو را دوژمن و نەیارێن کوردان دەست دانە هەڤ داکۆ بە بەکار ئانینا پ ک ک ئەو ئەگەرە بکوژن و تێدا ژێ سەرکەفتن . شەڕی ناوخۆیی چەپ و ڕاستی کورد ژێ ڕێگە خۆشکەر بوو لۆ ئەو مەبەستە گلاو و دژە کوردی یەی عارەب و عەجەمان .

کشانەوەی هێزی سەربازی ئینگلیزیان لە عێراق سەرەتای دەسکەوتنی مەلای عەجەم بوو ، هەچەندە بچووک ژێ بوو بێت . لێ کشانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە عێراق لە لایەن ئۆباماوە سەرکەوتنێکی کاریگەر و مەزن بوو کە دەستی شێعەگەری سەفەویی لە عێراق بە تەواوەتی کردەوە لۆ ئەوەی بە مەرما خوە ستراتیژا خوە ئا پاوانخوازی و دژە عارەبی و دژە سوونە بەڕێوە ببات کە وەکی ئاماژەمان پێکرد ذاعشی لێ شین بوو .

لە ململانێ و شەڕی سیاسی دا ئەوە هێزە کە یەکلاکەرەوەی ناکۆکی و ناتەبایی سیاسی و ئابووری یە . ئامریکا لە سەردەمی ئۆباماوە خۆی لەم هۆکارە بێ بەش کرد و لەو کاتەوە هەتا ئێستای ترامپ ژێ باجەکەی ئەدات و خۆی دەناو زەلکاوی سیاسی و سەربازی خۆکردا ئەبینێتەوە . ئەم دۆخە ئامریکای ناچار کرد کە لە نەبوونی هێزی سەربازی خۆی لە عێراق و سووریە پەنا بەرێتە بەر هێزە کوردی یەکان . لە عێراق هەرێمی کوردستان تاکە هێزی جێی بروا و متمانەیە کە ئامریکا پشتی پێ ببەستێ . لە سووریە ئامریکا دەستەوداێنی پ ک ک بووە و شەڕی خۆی بە وان ئەکات . هەر ئەم ڕێکارەی ئامریکا دەرەتانی بە ڕووسی پوتین دا کە بە گەرمە خۆی بکاتە یەکەم هێزی کار و چارساز لە دەڤەرەکە و تەنانەت تورکیەی ئەدۆغانیشی بۆ ناو بازنەی ستراتیژیکی خۆی پەلکێش کرد . ئەمەش دۆخێکی هەر یەکجار ناسەقامگیر پێک ئانیە کە بەرەو تەقینەوەی گاورەتر و بەرین تر داژوێ و کەس ناتانێ چاوروانی شتی باشی لێ بکاتن .

ئەم دۆخە بێ هیچ ئەملا و ئەولایەک ئاوسی کارەساتی گەورەی مرۆیی و سیاسی و ئابووری یە و هێزە زەبەڵاحەکان وەک ئامریکا و ئینگیز و فەرانسە و ڕووس وەلێی بەرپرسن . مژاری گشت پرسی ژ بۆ سەرخوە بوونا کوردستان ژ دۆخەک هانا دە بەڕێوە ئەچێتن و لە ئەگەری سەرکەوتنی مسۆگەر و چاوەڕانکراوی دا بار و دۆخی ناوچەکە و قەیران و پشێوی سیاسی ، گۆڕانکاری بەرچاوی بە سەرا دێت . شەڕی عارەب و عەجەم و شەڕی شێعە و سوننە و دەس تێوەردانی تورکیەی ئاردۆغانی قوول تر و گەرم تر ئەبێت . ترکان هەر لە ئێستاوە هێزەکانیان خستوەتە جووڵە و شێعەی سەفەویی ژێ خەریکی ئامادەسازی یە . ئەگەری ئەوە کە داعش بە یارمەتی وەهابی یەلی سعوودی و ترکان دیسان خۆی ڕێک بخاتەوە فرە دوور نیە . لەم ئەگەرە دا ئەوە ڕوونە کە سپای عێراقی جێگەی دڵنیایی ئامریکا نیە . دە بەرانبەر ئەو سپایەی کە بە چەکی ئامریکایی تەیار بوو و دە یەکەم ڕووبەروو بوونەوە وەگەرد داعش هەڵات ، نها حەشدی شەعبی هەس کە وەک بەشێک لە هێزی مەلای عەجەمان ، جێگەی مەترسی سوورە ئەڕای  ئامریکایی یەل . شەڕی کاولکارانەی دژ بە داعش بناغەی کۆمەڵگای سوننەی عارەبی هەڵ تەکاندوە و داری بە سەر بەردیەوە نەهێشتووە . لەورە گەر سپای عێراق دیسان هەرەس بهێنێ ، ئەوە ئیدی حەشدی شەعبی ئەبێتە یەکەم مەیدانداری گۆڕەپانەکە و بە چەکی ئامریکایی یەوە بەرەو دابین کردنی ستراتیژی شێعەگەری سەفەویی ڕوو لە قودسەکەیان ( ئورشلێم ) دەمەشن لە بۆ بە جێ گەیاندنی ورینە و خەونی مەلا خۆمەینی کە دەیگوت ڕێگات قودس لە کەربەلاوەیە . ئەوەتا کەربەلاکەیان مسۆگەر کردوە و ماوەتەوە قودسەکەیان .

دە هەمبەر ئەم مەترسی یە گاورە دا چ لۆ ناوچەکە و چ ئەڕای ڕۆژئاوایی یەل و چ پەی ئیسرائیل و جوولەکە، ڕۆژئاوا و لە پێش هەمووشیانەوە ئامریکا هێزی ئەوەی نیە لە ناوچەکە کە بتانێ بە کردەوە کاردانەوەی پێویست و خێرای هەبێ ، تەنانەت بە بەراوەرد وەگەرد عرووسان . لە ئەگەری هەڵدانی حەشدی شەعبی

له ژێر سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی قەشە مەلای شێعە وەک هێزی سەرەکی و یەکەم ، ئامریکا بە تەواوەتی تەس ئەدرێ و ئەوەی لۆی ئەمێنێتەوە تەنیا هیزی کوردی یە کە بەشی پ ک ک ی لە سووریە جێی دڵنیایی نیە یەکەم بە هۆی سیاسیەتی تورکیە و دووهەمیش ئەزموونی شنگال ئەی سەلمێنێ کە پ ک ک و حەشد گایان بۆ یەک لا ئەقۆزێنێ .

سیاسەتی کەمتەرخەمی و خەم ساردی ئۆباما جە هەمبەر هەرێمی کوردستان و درێژەی هەمان سیاسەت له لایەن ترامپەوە درگای بۆ دیپلۆماسی و ستراتیژی عرووسان کردەوە کە هەرێمی کوردستانیش بەرەو بازنەی ستراتیژیکی خۆیان ڕاکێشن . بابەتی پێشووترمان " **بەڵای ڕەشی زێری ڕەش ،بڤەی ئاگرە سوورەی گەمەی ڕووس و ئامریکا** " ئەم مژارە گەنگەشە ئەکاتن . ئەمەش پێگە و قورسایی ئامریکا کەم ئەکاتەوە . مەیدان چۆڵ کردنی ئامریکای ترامپ و پشێویی و بێ سەرەو و بەرەیی دەزگای بەرێوەبەریەتی ترامپ خاڵی کزی ستراتیژی ئامریکای کز و لاوازتەرتەر کردووە کە بەرژەوەندی ئەو وڵاتەی خسوەتە مەترسی و لە ئەگەری چاوەڕوانکراویی قوول و بەرفرەتەر بوونی قەیرانی رۆژهەلاتا ناڤین ئەبێتە مەترسیێکی فرە سوور ئەڕای خۆیان و هاوپەیمانە ناوچەیی و جیهانی یەکانیان .

ئاقار و ئاکامی ڕیزبەستن و هاوکێشەی هێز و لایەنە یاریکەریەکان چ لە ئیستا دا و چ لە پەرەسەندن و گەشەکردنی داهاتووی دا نە لە بەرژەوەندی کوردستانە و نە لە بەرژەوەندی ئامریکایە . گۆمان لەوە دا نیە سەرکەوتنی ڕاپرسی گشتی و کوردستانی سەربەخۆی داهاتوو ڕووبەڕووی ئەو دۆخە ئەبێتەوە . لەگەڵ ئەمەش دا کوردستانی سەربەخۆ تاکە هیوای کورد و ئامریکایە لە بۆ گەمەی نادیاری سیاسی داهاتوو . سەیر و سەرمەرە و جەفەنگی ئامریکای ترامپ لەوە دایە کە ستراتیژیستەکانیان یان کێشی ئەوەیان نیە کە ئەم ڕاستیە ببینن ئانکو بەمەست خۆیانی لێ ئەدزنەوە یان ژی ئەی زانن و بواری دەربرین و جێ بە جێ کردنیان نیە لە ژێر سەرکردایەتی هەڵەشە و سەرچڵانەی ترامپ دا . ئامریکا ، ئینگلیز و فەرانسە ژی لەبانی دەبا ژ بلی عرووسان بە گەرمە بە پیر سەربەخۆیی کوردستانەوە هاتبان و وازیان لەو گەمە بێ بنەمای سیاسی و سیاسەتی ڕاستەقینە ، بهێنابا . کەچی ترسی ڕەوا و بەچێ یان لە داهاتووی نادیاری ناوچەکە، کە بەرهەمی سیاسەتی چەوت و چەوێڵی خۆیانە ، وای لێکردون کە دیسان ڕێکار و سیاسەتێکی شاش و چەوت ڕچاو بکەن و نەیاری و نالێکێ خۆیان وەگەرد گشت پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەرببرن . ئەمەش لە ڕاستی دا ئەو تاکە دەرووی هیوایە کە کوردستانی بەسەربەخۆ ئەتانێ لۆیان دابین بکات کز و کوێر ئەکانەوە کە هەم بە زیانی خۆیان و هەمیچ بە زیانی کورد ئەشکێتەوە .

مەردم کوردستان ئەشی بزانن کو بالۆرەی نای ناسازی ئامریکا ، ئینگلیز و فەرانسە ژی لە بانی ، لە هەرەس هێنانی سیاسەت و ستراتیژی هەتا ئیستای ڕۆژئاوا و ترس و دڵەڕاوکێ لە داهاتووی نادیاری ناوچەکەوە سەرجاوە ئەگرێ و ئەم کاردانەوەشیان جە هەمبەر گشت پرسی سەربەخۆیی کوردستان هەڵەیەکی روون و رووتی سیاسی و ستراتیژیکی یە .

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٧/٠٩/١٩